شیعری کوردی لە نێوان ئەمڕۆ و دوێنێ.. موراد عەلی

نەبوونی ئەدەبی کلاسیک نەبوونی شوناس و نەبوونی هەر وەاتەکە، بە واتایەکی تر: هەبوونی ئەدەبیاتی کۆن بە هەر وەات و زمانێک، کۆکی مانوە و جاویدبوونی ئەو زمان و فەرهەنگییە. وەک ئاشکرایە کوردیش نەک بەبەش نییە لە ئەدەبیاتی کۆن؛ بەڵکو هەم یەکێکە لە گەلە هەرە دەوڵەمەندەکان لەو بابەتە، هەمیش ئەدەب بەتایبەت (شیعر) بەهێزترین چەکی ئەمەیە؛ کە بڵێین: بۆچی ئەمەیش هەبووین و هەین.

بۆیە کە ئەمە تاچەند نەوەی تر هەمان قەوان لەبەدینەوە و هەردەم کە باس لە شیعر و ئەدەب کرا، بگەڕێنەوە سەر: (نالی، سالم، مەحوی، بێسارانی، مەولەوی) ئایە لە هەموو باسەکدا کە ناوی شیعر بە هەر ئەو کەمانە ناوە دووبارە ببێتەوە لەسەر حسابی شاعیر و داهێنرانی ئەمڕۆ نابێت؟ بەگومان من لەو بابەتە نادوێم بە مەبەستی شکانی هیچ شتێک، خۆ ئەگەر بابەتەکە بووبە بە تابۆ، بەگومان ئەمڕۆ منیش نەیشکێنم بەپێی کات خۆی هەر ناچار دەبە بە شکان!

با تۆزێک لەسەر بەراوردکردن بوەستین ئاخۆ بزانین چەندێک شتمان هەبووە بە دنیا و، ئێستا چیمان هەیە بۆی بە شیعر؟
بەدنیایییەوە هەرکەسێک شیعری کلاسیکیی ئەمەی خوێندبێتەوە دەزانە کە زیادەڕەیی ناکەم ئەگەر بڵێم کەی شیعری کلاسیکیی کوردی لە چەند سەد وشەیەک و لە دەیان بابەت تێپەڕ نابن!
لەبەرامبەردا شیعری هاوچەرخی کوردی لە هەر شیعرێک بە جۆرێک خۆی دەنوێنێ و لە هەر کاتێک بەشێوەیەک پێوەی زمانی کوردی دەردەخات، ئایە ئەمە نابێتە هابردووپەرستی کە ئەمە هەمیشە بڵێین هەبووین هەبووین بە جارێک نەڵێین هەین!؟
دیارە کە من لێرە باسی شیعری بەڵشاوی فەیسبووک ناکەم، بەڵکو لەمە شیعری هاستەقینە دەدوەم، شیعرێک کە زمانێک و تەکنیکێکی هەبە دواجار فەزایەک کە عەرزی داهێنان دەهەژێنێ. خۆ ئەگەر بڵێین لەبابەتی داهێنان زیادەڕەییمان کردووە و بەو جۆرە نییە، دەتوانین بڵێین لە چۆن گوتن و چی گوت فەزای شیعری ئەمەمان چ پانتاییەکی داگیرکردووە، کە بەرامبەر ئەو چەند ناوی وەک تابۆیەک بەسەر کەی ئەدەبیاتی کوردی بووە بە هەگر لەبەردەم داهێنانی ئەمە چەند هەندێن.

بگومان من بەرگری لە جۆرێک لە شیعر یان ناشیعر ناکەم. خۆ ئەگەر بەوانین لە سەردەمی نالی دیوان شاعیر هەبوون کە هەنگۆ ئەمڕۆ بە ناویان ئاشنا نەبین؛ جا کەمبینینی شیعری ئەمڕۆ بەهۆی تەکەنیکەکانەوە هێندێک پێچوانەی ویستی ئەدەبە کە کەمێک ناشیعر بە ناوی شیعرەوە دەفرۆشرێتەوە بە گوێی خەڵک، بگومان ئەمەیش هەڵکاری زۆر و نەویستنی ناوی ئەدەبی وەاتەکەیە بەڵام هەرکەسێک بە جدی لە بابەتەکە بڕوانێ و بە دروستی خەمی ئەدەبی وەاتەکەی بێ، بیووت بچاوی ئەقڵ سەیری بابەتەکە بکات بە پێوانەی شیعر ناوانێتە ژمارەی لایک و فاڵوەر!
بەڵکو بە شێوەی کەشفی دەق و لایەنی جوانیناسی و میتۆدی هەڵخڕاوانێتە دەقانێک ئەگەر بە ئەمڕۆ ناویش نەبن و دەکرێ شێی چەند ساڵێ بکەن لە پانتایی وەات و بگرێ جیهانیش.

هەر خوێنەرێک لەبەر نالی شەرکێ نەبینێ، لەبەر مەحوی پێشۆ بە داهێنەر نەزانێ؛ هەمان ئەو تاخمە خوێنەرەیە کە دەڵێن نەوەی دوای شەرکێ تا ئەمڕۆ هیچی پێنەبووە بە ئەدەبیات و هیچی گرنگی نەبەخشیوەتە کتێبخانەی کوردی!
بە بچووونی من کێشە لە سەلیقە و دنیابینی هەیە، تۆ بوردی (تەعەت تاهیر و دلاوەر قەرەداخی) نەخوێنیتەوە و هەر هاواربکەی: سالم سالم...! یانی بە کام پێوەر دەکارێ پێت بگوترێ خوێنەری شیعر؟
کاتێک باس لە وەرگەرانی دەقکانی شەرکێ بکەس بکرێ، بڵێیت: بە هاوڕێیەتی بووە لەگەڵینەوەیەک یان دیدارێک لەسەر ئەدەبیاتی (محمد عومەر، موتەلیب عەبدوڵا، عەباس عەبدوڵا، بختیار عەلی، یونس ڕەزایی) بکرێ تۆ بڵێی ئەمانە کەسی یەکن و گلەیی لە گەردووونی نەبوونی (مەحوی)یش بکەیت لەکام ماڵی شیعر تۆ نیشتەجێیت؟

کە دەڵێن (کورد مردووپەرستی زیندوو کوژێ) هەر لە ژیانی کەمایەتی و سیاسی و ڕۆژانەمان هەنگ نادات و بەپێی زەمەن دەگوزرێتەوە بە ناو ئەدەب و وێژەیش! بەوپێیەی هەر چەندێک سەیری کەمێک دەقی باش دەکەم لەمڕۆ و بەراوردی دەکەم بەو کەمەی دەقێ ژەنگگرتووی دوێنێ، دەزانم کە لە دوای پێنجاکانی سەدەی ڕابردوو، هێک لە (گەران)ەوە بە ئەمڕۆ؛ ئەوەی کردوومانە زۆر زیاتر بووە لەوەی هەمانبووە ئیتر گوێندان بە هونەری هاوچەرخی خەمان لەو گوتراوە زیاتر چی هەدەگرێ؟

هەمای پیرۆز.. بەختیار محەمەد

هەرچەندەی موریدی بە ئاگای حزب، دەبەند و سەرسامی سەرکردەکەیەتی (ئەگەر پریش بە لە نەرێنییەکان و خراپەکاریی؛ موراید ئەم سیفەتانە نابینێ)؛ بە هەمان شێوەش خوێنەری موراید لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەرسام و دەبەندی فانە نووسەر دەبێ و بە مەزنی دەزانێ (گریمان واش نەبێ) و لە سەرووی یاساکانی هەخنەوەی دەبینێ (هەبەت هیچ نووسەرێکی داهێنەر و مەزنیش نییە، کە لە سەرووی یاساکانی هەخنەوە بێ). هەردوو موراید (هی سەرکردە و هی نووسەر) یەك بنەمای سایکۆلۆژیی و هزرییان هەیە، ئەویش خۆتواندنەوە لەوی دیکەی دەسەڵاتداردا: دەسەڵاتداری سیاسی و دەسەڵاتداری هۆشبیریی. لێرەشەوەیە ئەم جۆرە موریدە پرسەی هەخنە لە هەما پیرۆزکراوەکەی خۆی (نووسەر و سەرکردە) قبووڵ ناکا، بەکو دەبێتە کارەکتەرێکی نەرێنیی دژ بەڵ دیموکراسی. لەمەوە کێشەی (کۆسپ و تەگەرەی بەردەم) هەخنە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەوجا لە هەر ئاست و بوارێکدا بێ، بەر لەوەی کەسایەتی هەخنەلێگیراو بێ، ئەم موریدانەن، کە حەزیان لێیە هەمایەکی پیرۆزکراویان هەبێ خۆیانی لە ناودا بتوێننەوە و ببنە پاژێکی نەرێنیی لەم هەما پیرۆزکراوانە. گۆستاف لەبۆن لەم بارەیەوە دەڵێ: (( )).

ئەمە جۆرێك بونیادی سایکۆلۆژیانەی پەرستنی هەیە. هەر کاتێك ئێمە قبووڵمان نەکرد، کە هەخنە لە هەمایە پیرۆزەکەمان بگیرێ، کەواتە ئێمە ئەم هەمایە دەپەرستین. واتە عەشقێکی پەرستنانەمان هەیە بۆ هەما پیرۆزکراوەکەمان. هیچ ئیماندارێك قبووڵی نییە هەخنە لە خواوەندەکەی بگریت. ئەمە چونکە پەوەندی پەرستن لە نێوان خۆی و خواوەندەکەیدا هەیە. دەشێ بڵێین، هەمان بونیادی هۆحییش لە نێوان موریدی سیاسی و موریدی هۆشبیرییدا هەیە. ئەو بونیادەی تەقدیسی تێدایە بۆ هەمایەکی دەسەڵاتداری پیرۆزکراو، کە ئەویش سەرکردەی سیاسی و نووسەر و هۆشبیرن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.

(نالی)*.. شیعری سارا فەقێ خدر

ئەوا ئەمشەو شەوی یەلدایە نالی
شەوی شادی و سەدا و سەمایە* نالی
دەبا ماڵ هەر خامۆش و چۆڵ و هەڵ بێ
دەم پڕ ئیشقی تەدایە نالی
**
لەکەماری شەرمدا خۆشەویستی
هەمیشە دیلە, دەنگی نایە نالی
ئەوی دەست و دڵی ئەز ئاشقی تەم
تەنێ شێتی بژن و باڵایە نالی
**
هەموو گوتیان مەولانا* (ئەمز) ی ئیشقە
کەسێک نەیگوت ,کە(ئەبی)*یش وایە نالی
بابباری ، پڕی پاییزی چاوان
گوڵی شیعری پڕ دەتکایە نالی
**
شەخ وشەنگیی، ناز و بازی بچیێ
ئەوی نامرێ، ئیشقی باڵایە* نالی
لەدرژی شەوی ساڵی (فیراق)دا
بەبێ شیعرت ، دەم سارایە* نالی
**

- ئەم شیعرە ئیلهامی لە شیعرێکی مامۆستا غەریب پشدەری، بەناوی(خاتوون) ەوە ،وەرگرتووە.

*سەدا: دەنگ ، دەنگدانەوە.

*مەولانا: مەولانا جەلالەدینی رۆمیی .

*ئەبی : رابیعەی عەدەوی

*باڵا: بەند ، بەرز

*سارا : بیابان ، سەحرا

ئازادی بەخشین نییە و مافی هەموو مرۆڤێکە.. رزا شوان

زاراوەی ئازادی لە رچەکدا بە وشەی (لیبتر)ی لاتینی دەگەڕێتەوە. کە واتای توانای مرۆڤ بە جووڵەکردن و کردار و ئەنجامدانی هەر کارێک، بە کەمترین سنووردارکردن دەگەیەنێت.
ئازادی پیرۆزترین و جوانترین وشەیە، تەنیا وشەیەکی سەرپێی ناو فەرهەنگ نییە، بەڵکو کردارە ئینجا وتەیە. ئازادی لە پۆیستیرین پۆیستیەکانی مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرەکانە. ئازادی و ژیان یەکن. سەرەکیترین و یەکەمین کەرەکەی ژیان ئازادییە.
ئازادی لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا لەدایک دەبێت. بەرزترین شتە لە بوونداە، بەڵکو ژیان بەبێ ئازادی هیچ نرخێکی نییە. بەیە نرخی ئازادی زۆر گرانە. ئازادیش نادرێت بەڵکو وەردەگیرێت. (ڤیکتۆر هوگۆ) دەڵێت:" ئازادی بە مرۆڤ نایەتە خوارەوە، پۆیستە مرۆڤ بۆی سەربکەوێت".
چەندین راپەڕین و شۆڕش و جەنگ، لە پێناوی ئازادیدا هەڵگیرسان. بە ملیۆنان ئازادیخواز لە پێناوی ئازادیدا، گیانیان بەخشی، چونکە هیچ کەس و هیچ گەلێکی ماف و ئازادی داگیرکەراو، هەرگیز دەست لە ئازادی و لە سەربەخۆیی و لە مافەکانیان هەڵناگرن و سازشیان لەسەر ناکەن. لە پێناویاندا سەرسەختانە خەبات دەکەن و ڕۆح و گیان و ژیانی خۆیان دەبەخشن. چەندین هەزانقان و چیرۆکنووس و ڕۆمانووس و شانۆنووس، جوانترین هۆنراوە و شاکارترین چیرۆک و ڕۆمان و شانۆیان دەربارەی ئازادی نووسیون. چەندین هونەرمەندی شەوکار، جوانترین تابلۆیان دەربارەی ئازادی کێشاون. چەندین کەرت موزیکژەن، پارچە موزیکیان دەربارەی ئازادی ژەنیون. چەندین سروودچێی دەنگخۆش، سروودی ئازادییان چڕیون. هەزانقانی نەتەوەییمان، ڕەوانشاد (فایق بێکەس) دەڵێت:

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بە فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

ئازادی پۆیستییەکی کەرامەت و شکۆمەندی و ئابوومەندیی مرۆڤە، بەشکی سەرەکییە لە ژیانی خۆشی و بەختەوەری. (گاندی)

دڵێت:"ئازادی ڕۆح و هەناسەی مرۆڤە". (تەسیدیس)
دڵێت:"مرۆڤی ئازاد مرۆڤێکی دڵخۆشە، نهێنی ئازادیش ئازاییە".
بە کورتی پێویستی مرۆڤ بە ئازادی، لە پێویستییەکانی مرۆڤ بە هەوای پاک و خۆراکی باش و ئاوی شیرین و خەوی خۆش کەمتر نییە.
ناشکرێت ئازادی ڕەها و بەرەڵایی بێت. ڕێکنەخرێت و ئاراستە نەکرێت و لێپێچینەوەی نەبێت. چونکە ئازادی تاک لەوەدا کۆتایی دێت، کە پێشێلی ئازادی کەسانی تر بکات.

جیاوازییەکی زۆر لە ڕا و بۆچوون، لە نێوان بیرمەندان و بیرکەرەوەکاندا، دەربارەی دیاریکردنی پێناسەیەکی گشتی بۆ ئازادی هەیە. هەیانە دڵێت: ئازادی نەبوونی پێوەندە. هەندێکی کەیان: وا دەبینن کە ئازادی توانای مرۆڤە لە کارکردنی ئەوەی دەیەوێت. یان ئازادی توانای بەیاردانە لە لایەن خەمانەوە. ئەمە ئازادین لە بیرکردنەوە و لە دەربڕینی بیروڕاکانمان. ئازادین لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانمان و لە دروستکردنی ژیانی ناوازەمان. هەربۆیە دەتوانین لێگەڕێ هەرکەسێک کە بمانەوێت پێوەندی بکەین. هەندێکی کەش دڵێن: ئازادی نەبوونی ڕقە. ئەمانە و چەندین پێناسەی تری بۆ کراوە.
ئەوەی ئەمە لەم نووسینەماندا مەبەستمانە، ئازادی دەربڕین یا ئازادی گوزارشتکردنە.
ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕا، مافێکی بنەڕەتییە و یەکێکە لە مافە هەرە گرنگەکانی هەموو مرۆڤێک. بەبێ بوونی ئەم مافە، هەموو مافەکانی تر لە مەترسیدان.
مافی ئازادی دەربڕین، پێوەستە بە شکۆمەندی و بە کەرامەتی مرۆڤ. ڕەخساندنی دەرفەتە لەبەردەم هەر مرۆڤێکدس، بۆ پێڕەو و لێژیکی خۆی بیربکاتەوە و ژیانی ڕێکبخات. بە ئازادانە و ئازایانە بیروڕا و بۆچوونەکانی ناخی خۆی دەربڕێت و ئەو پەیامەی دەیەوێت لە ڕێی قسەکردن و نووسینەوە، بە کەسانی تری بگەیەنێت.

ئازادی دەربڕین، بەردی بناغەی دیموکراتیە و پگەیەکی باڵای جیهانیی لە مافەکانی مرۆڤدا هەیە. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە، کە بە ئەوپەڕی ئازادیەوە و بەبێ سانسەر و ڕێگری و تەنگپێهەڵچنین و هەڕەشەکردن و چاوسوورکردنەوە و تۆقاندن و ترس، بۆبی چاودێری و دەستوەردانی دەسەڵاتی گشتی و سزای یاسایی، بۆبە

گۆڤاندنی سنووورکان. را و بۆچوون و وەرگرتن و گەیاندنی زانیاری و بیرۆکە و گەلە مافی تری هەیە. چ بە شێوەی گوزارشتی زارەکی بێت، یان بە نووسراو بێت، یان لە رێی میدیا و راگەیاندن و سایتە ئەلیکترۆنییەکان، یان لە رێی بەناوکراوە و گۆڤار و پۆرتووکی چاپکراوەوە بێت. یا بە شێوەی هونەر وەک کێشانی تابلۆ و کاریکاتێر یا بە هەر هەڵکارێکی دڵخوازی خۆیەوە بێت. بە مەرجێک پێشێلی ئازادییەکانی کەسانی تر نەکات و سووکایەتی بە داب و نەریت و بە بەها پیرۆزە کۆمەڵایەتییەکان نەکات.
لێژیکی بنچینەیی ئازادی دەربڕین و گوزارشتکردن ئەوەیە، پێویستە ئامرازێک بێت بۆ باشترکردن و پێشکەوتن و داهێنان و دۆزینەوەی فۆرمێکی راستی لە ڕێگەی دیدی جیاوازەوە. گەر پێچەوانەی ئەم لێژیکە نەکرێت، دەشێت ئازادی دەربڕین بە پێچەوانەی بنەما دەستوورییەکانی مافەکانی مرۆڤەوە بێت، لە ئازادی و شکۆمەندی و یەکسانی.
(کانت وێن) دەڵێت:"ئازادی وێرانکارییە، ئەگەر بێتو زانستی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەگەڵدا نەبێت".
بۆ دیسپلین و کۆنترۆڵکردنی مافی ئازادی دەربڕین و بۆ دروستی بەکارهێنانی ئەم پابەندبوونانە پێویستن:
١ــ پێویستە پارێزگاری لە ماف و ئازادی و ئابووومەندی و شکۆمەندی و کەرامەتی کەسانی تر بکرێت و ڕێگانەدرێت بۆ زاندنی ناوبانگیان و زیان گەیاندن بە ژیانیان و بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبییان.
٢ــ لێکۆڵینەوەی بابەتییانە و راستگۆیی و هەستکردن بە ئەرک و بە بەرپرسیارێتی.
٣ــ دووركەوتنەوە لە هاندانی رق و تاوان و لە کاری قەزەوەن و لە پەرنەگرافی.
٤ــ پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بەهاکان و پیرۆزییەکانی کۆمەڵ ڕوشتە گشتییەکان.
٥ــ پاریزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی و لەناوبانگی گەلی کوردمان و لە خاک و لە ئاڵای کوردستانمان و لە شیرازەی سیستەمی گشتتی.
مافی ئازادی دەربڕین، لەگەڵی چەندین هەڵکاری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، لێژەر سایەی یاسا نەودەوڵەتییەکاندا زامنکراوە. لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوە یککگرتووکانەوە دان بەم مافەدا نراوە، وەکو مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ، لە بەندی (١٩) ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا چەسپاوە. ئەمەش دەقی ئەو بەندەیە:

“هەموو مرۆڤێک مافی ئازادی بیروڕا و ئازادی دەربڕینی هەیە. هەموو مرۆڤێک ئازادە بە دەستەوەردان، لە هەڵبژاردنی بیروڕا و گەیان بە دوای زانیاری و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروڕا بە بێ گرنگیدان بە سنووری جوگرافی”.
ئازادی جۆری زۆرە. ئازادی تاکەکەسی بریتیە لە ئازادی قسەکردن و گوزارشکردن لە ڕا و بۆچوونەکانی ناخی کەسیەکان، ئازادی دەنگدان و خۆبڕیکردن و ئازادی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، ئازادی کارکردن.
ئازادی ڕادەربڕین، لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا، ئامرازێکە بۆ ئاوگەڵەی بیرەکە و زانیاری لە نێوان مرۆڤەکاندا و پێوەندی جەماوەری. مافی هەرکەسێکە کە هەوڵی گەیاندنی بیروڕا و بۆچوونەکانی بە کەسانی دیکە بدات. هەروەها مافی وەرگرتنی بۆچوون و هەواڵی لە کەسانی دیکە هەیە. ئازادی قسەکردن و ڕاخنەگرتن لەسەر مەسەلە تایبەتی و گشتی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و ئابووریەکان و لەسەر بڵاوبردنی دەسکەوتات و گەندەڵیەکان و...، بە سوودی گشتی.
زۆر بەداخەوە تا ئەمڕۆش، لە زۆر لە دەوڵەتانی جیهاندا، بە هەرچوار دەوڵەتە داگیرکەرە دەندەکانی کوردستانیشەوە. لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و ڕژیمە کۆنەپەرست و ڕەگەزپەرست و سەرکوتکەر و دەمکورتکەرەکاندا، مافی ئازادی دەربڕین، بە زۆری و بە ڕەقی پێشێلکراون و لێژنەر هەڵەشەدان یا هەر بوونیان نییە. بە هەزاران ئازادیخواز و دیموکراتیخواز، بە تاوانی داواکاردنی ئازادی و دەربڕینی ئازادی و دیموکراتی خراونەتە زیندانەوە.